# بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەر لەشاری کەرکووك ڕووبەڕوو بوەوە

هەردوابەدوای پڕوپاگەندەو بەڵێنە فریوکارەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدار بۆبەشداری کردنی جەماوەر لەسیناریۆی هەڵبژاردن وەپێش ئەوەی تەنانەت بۆیەی پەنجەی دەستیان بسڕێتەوە وە یەکەم بڕیاری دوای هەڵبژاردنە گاڵتەجاڕیەکەیان بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و سووتەمەنیەکانی تربوو وەلە 2005/12/18 وە کار بەم بڕیارە کرا .

هەر بۆیە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2005/12/19 جەماوەرێکی بەرفراوان لەگەڕەکی شۆرجەی شاری کەرکوکەوە دەستیان دایە خۆپیشاندان و گرتنی ڕێگە گشتیەکەی ناوگەڕەکی شۆرجە وەسات لەدوای سات جەماوەر پەیوەست ئەبوون بەخۆپیشاندانەکەوە وەشیعاری هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارەو ڕووخانی حکومەتی جەعفەری بەرچاوترین شیعارەکانی ئەو خۆپیشاندانە بوو لەکۆتایی دا خۆپیشاندانەکە بەجۆرێك پەرەی سەند کەپۆلیسەکانی پارێزەرانی دەسەڵاتدارانی شار وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆیان کەوتنە تەقەکردن و ڕاونانی خەڵك .

ئێمە وێڕای ئەوەی بەتوندی ئیدانەی ئەم ڕەفتارەی پۆلیس دەکەین و مەحکومی دەکەین لەهەمان کاتدا پشتیوانی خۆمان لە خۆپیشاندانی جەماوەری شاری کەرکوك دەردەبڕین وداواکاری هەڵوەشانەوەی فەوری ئەوبڕیارەین ، خۆپیشاندان مافی بێ ئەملاوئەولای خەڵکەو لەژێر هیچ بڕوبیانوویەکدا نابێ سەرکوت بکرێ .

جەماوەری ئازادی خوازی شاری کەرکوك

دەسەڵاتداران پاش دەیان ساڵ لەسەرکوت و کوشت وبڕی دیکتاتۆریانەی ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس ئەیانەوێ لەژێر ناوی دیموکراتیەتدا پارووی دەمی منداڵەکانتان بڕفێنن ، ئەیانەوێ لەجل وبەرگێکی ترداو بەشکڵ وشێوەیەکی گۆڕاوەوە ئەم ژیانەش کە هەربەناو ژیانە پێمانی ڕەوا نەبینن و هەرچی زۆرتر ڕەش و ڕووتمان کەن ، باڕیزەکانمان یەکبخەین و ڕێگەندەین بڕیارە دژی بەشەریەکانیان بەسەرماندا بسەپێنن ، بێدەنگیمان لەبەرامبەریاندا ڕێگەخۆشکەرە بۆداسەپاندنی دەیان بڕیاری لەم بابەتە .

حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق لەسەنگەری پێشەوەی ئەم خەباتەدایە و تا بەدەست هێنانی سەرجەم خواستەکانمان ڕاناوەستێ هەرچی زووتر پەیوەست بوونتان بەڕیزەکانی ئەم حزبەوە هرچی زووتر بەدیهێنانی خواست وداواکاریەکانمانە .

سەرکەتوو بێ خەباتی جەماوەری بۆبەدیهێنانی خواستەکانمان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

کۆمیتەی کەرکوك

2005/12/21